# خانەوادەی تووشبووانی ئۆتیزم داوای سەنتەری شیاو بۆ چارەسەری منداڵەکانیان دەکەن

بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لەم ساڵانەی دواییدا تووشبوون بە نەخۆشی "ئۆتیزم" لە نێو منداڵاندا زیادی کردووە، هەروەها لە کۆی ١٦٠ منداڵ، منداڵێك بە پلەی جیاواز ئەگەری تووشبوونی بەو نەخۆشییە هەیە. بەپێی هەمان ئامار ٦٧ ملیۆن کەس لە جیهاندا تووشی نەخۆشیی ئۆتیزم بوون، بەپێی توێژینەوەکانیش دەرکەوتووە نەخۆشیی ئۆتیزم لە نێو منداڵانی کوڕدا زیاترە بە بەراورد بە منداڵی کچ، بەجۆرێك لە نێو ٤٢ کوڕ یەکێکیان، بەڵام لەنێو ١٨٩ کچ تەنیا یەکێکیان تووشی ئۆتیزم دەبێت. ژمارەی تووشبووانی نەخۆشیی ئۆتیزم لە کوردستانیش لە هەڵکشاندا بووە، خانەوادەی ئەو نەخۆشانەش داوای سەنتەری شیاو بۆ چارەسەری منداڵەکانیان دەکەن.



گوڵان: کۆمەڵایەتی

نەبوونی سەنتەرێکی گەورەی حکوومی بۆ وەرگرتنی تووشبووانی نەخۆشیی ئۆتیزم لەهەرێمی کوردستان، گرفتی گەورەی بۆ خێزانی ئەو تووشبووانە دروستکردووە، لەکاتێکدا تادێت ژمارەی تووشبوانی نەخوشییەکە زیاددەکات. ئەگەرچی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، پلانیان هەبووە لەسەرجەم شارەکان سەنتەری تایبەت بۆ تووشبووانی ئۆتیزم بکرێتەوە، بەڵام قەیرانی دارایی رێگر بووە لەبەردەم کردنەوەی سەنتەرەکانی راهێنان. تاکە چارەسەریش راهێنان پێکردنە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی نەخۆشییەکە، بەڵام بەهۆی نەبوونی سەنتەری راهێنانی پێویست لە هەرێم ژمارەیەکی زۆر لەو تووشبووانە هێشتا بەبێ راهێنان ماونەتەوە، ئەوەش ئەرکی خێزانی تووشبووەکانی قورستر کردووە.

بەپێی ئامارەکانی کۆمەڵەی ئۆتیزمی کوردستان زیاتر لە سێ هەزار تووشبوو بە ئۆتیزم لە کوردستان هەن، لەو ژمارەیەش زیاتر لە ٩٠٠ کەسیان لە هەولێرن، کە تەنیا ٢٠٠ کەسیان لە سەنتەرەکانی راهێنانی حکوومی و ئەهلی راهێنانیان پێدەکرێت، بۆیە خانەوادەکانیان گلەوگازاندەی ئەوە دەکەن کە ئەو سەنتەرانە لە رووی چەندایەتی و چۆنیەتییەوە لە ئاستی پێویستدا نین.

هیوا عوسمان، هاووڵاتییەکی دانیشتووی هەولێرە و وەك خۆی باسیکرد، دوو منداڵی ئۆتیزمیان هەیە و بەناچاری دەبێت بەردەوام چاودێرییان بکەن. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «کوڕەکەمان تەمەنی ١٥ساڵە، کەچی لەماڵی ئێمە هەمیشە دەرگا کلیل دراوە، ئەگەر دەرگا بکرێتەوە، ئەوا دەڕوات و ون دەبێت، بۆیە ماڵەکەش وەك زیندانی لێهاتووەو من و دایکیشی لەگەڵی زیندانین.» گوتیشی: «لە هەولێر هیچ سەنتەرێك نییە بۆ چارەسەری منداڵەکەمان وەربگرێ، ئەم سەنتەرانە لە تەمەنی ٥-١٣ساڵی منداڵ وەردەگرن، واتە مێرمنداڵ و گەنجە ئۆتیستەکان بێبەشن لە راهێنان و مەشق، ئەوەش گەورەترین کێشەی خێزانەکانە، چونکە هەتا منداڵەکە گەورەتر دەبێ، لەناو خێزان و کۆمەڵگەدا کێشەکەی گەورەتر دەبێت و کۆنترۆڵکردنیشی سەختتر دەبێت، کچەکەشمان تەمەنی ١٢ ساڵە تائێستا بۆ هەردووکیان دایبی دەبەستین، بەداخەوە هەموو دایك و باوکەکان وەکو شێتیان لێهاتووە و تووشی دەیان گرفتی دەروونی بوون، دایکی وا هەیە خەریکە خۆی دەکوژێت، دایك و باوك هەیە، بەهۆی منداڵەکەیانەوە جیادەبنەوە.»

سازان عەلی دایکی منداڵێکی تووشبووی ئۆتیزمەو ئەویش دەڵێت: «موعاناتی دایکان هەر زۆر زۆرە و تەواو نابێ، کچەکەم تەمەنی ١٧ ساڵە، ١٧ ساڵە لە ماڵەوەم، لە سلێمانی سەنتەرێکی ئۆتیزم هەیە، بەڵام بەپێی پێداویستی ئەو منداڵانە نییە، ماوەی چەند ساڵە من لەگەڵی هەوڵدەدەم، فێری بکەم خۆی بشوات و خۆی پاك بکاتەوە، بەڵام بێسوود بووە، تاوەکو ئێستا خۆم پاکی دەکەمەوە، ئێمەی دایك و باوکان چوونە دەرەوە و سەردان و سەیرانمان نییە، لەناو چوا دیوار خۆم و ئەو منداڵە زیندانین، تەنانەت فریای ئەوە ناکەوم خزمەتی منداڵەکانی دیکەشم بکەم، داواکارم سەنتەرێکی پێشکەوتووی ئۆتیزم بکرێتەوە، بۆ ئەوەی راهێنانیان پێ بکەن، لانیکەم فێریان بکەن خۆیان خاوێن بکەنەوە و بتوانن خزمەتی خۆیان بکەن، بۆ ئەوەی دوای مردنی ئێمە نەکەونە سەرشەقامەکان».

هەنیسك عوسمان، جێگری سەرۆکی رێکخراوی هوما بۆ تووشبووانی ئۆتیزمی کوردستان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «لە ساڵی ٢٠٠٠ـەوە حاڵەتی ئۆتیزم لە کوردستان ناسراوەو رێکخراوەکان داکۆکی لەماف و ژیانی منالانی ئۆتیزم و خیزانەکانیان دەکەن، کەچی بەداخەوە لەلایەن حکومەتەوە وەك پێویست ئاوڕ لەم توێژە نەدراوەتەوە و لە رووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە لەوپەڕی خراپیدان». گوتیشی: «رۆژ بەرۆژ رێژەی تووشبووانی ئۆتیزم روو لەزیادی دەکات، بەڵام هیچ پرۆژە و خزمەت و بەرنامەیەك نییە بۆ لەخۆگرتن و راهێنانەوە و چارەسەری منداڵانی ئۆتیزم، هەر ئەم کەمتەرخەمییەش وای لە خیزانەکان کردووە رێگای هات و نەهات هەڵبژێرن و لەپێناو دابینکردنی ژیانێکی باشتر بۆ منداڵەکەیان روو لە هەندەران بکەن».

هەنیسك عوسمان لە درێژەی قسەکانیدا باسی ئەوە دەکات کە «بەگوێرەی یاسای ژمارە ٢٢ لەساڵی ٢٠١١ دەبوا حکومەت ژیانی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەتەکان باشتر بکات لە رووی مووچە و پەروەردە و تەندروستییەوە، کەچی بەداخەوە ئەو ١٥٠ هەزار دینارەشی کە وەك خێر دەدرایە کەمئەندامان، ئەویش کەمکرایەوە بۆ ٩٠ هەزار و بە ٢یان ٣ مانگ جارێك وەری دەگرن.» گوتیشی: «ئێستا زیاتر لە ٢٠٠٠ منداڵی ئۆتیزم لە کوردستان هەیە، بەڵام تەنیا سێ سەنتەری بچووکی حکوومی هەن لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك، کە حکومەت وەك پێویست ستاف و پێداویستی

**حکومەت وەک هاووڵاتیی پلەدوو سەیری توێژی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەتەکان دەکات و لەم هەرێمەدا تەنانەت مافە سەرەتاییەکانی ژیان و مرۆیییشیان بۆ دەستەبەر نەکراوە**

**کەمتەرخەمیی حکومەت وای لە خێزانەکان کردووە رێگای هات و نەهات هەڵبژێرن و لە پێناو دابینکردنی ژیانێکی باشتر بۆ منداڵەکەیان روو لە هەندەران بکەن**



**لەساڵی ٢٠٠٠ەوە حاڵەتی ئۆتیزم لە کوردستان ناسراوەو ڕێکخراوەکان داکۆکی لەماف و ژیانی منالآنی ئۆتیزم و خێزانەکانیان دەکەن**

**دایکی وا هەیە خەریکە خۆی دەکوژێت، دایک و باوک واش هەیە، بەهۆی منداڵەکەیانەوە جیا بوونەتەوە**

**سەنتەرەکان لەتەمەنی ٥-١٣ساڵی منداڵ وەردەگرن، واتە مێرمنداڵ و گەنجە ئۆتیستەکەکان لە ڕاهێنان و مەشق بێبەش کراون، ئەوەش گەورەترین کێشەی خێزانەکانە**

بۆ دابین نەکردوون و بە هەرسێکیان نزیك ١٠٠ منداڵ لەخۆ دەگرن و باقی منالەکانی تر لە دەرەوەی ڕاهێنانن، هەر چەند سەنتەری ئەهلی هەن، بەڵام هەموو خێزانێك توانای پارەدانی سەنتەری ئەهلی نییە.» ئەوەشی خستەڕوو کە «بەگوێرەی بڕیارێکی حکومەتی هەرێم، هەر باوکێك ئەگەر دوو منداڵی ئۆتیزمی هەبێ، ئەوا مافی مۆڵەتی درێژخایەنی هەیە، کەچی بەداخەوە بەبڕیاری بریکاری وەزیری دارایی، ئەو مافە لە هیزەکانی زێرەڤانی سەندراوەتەوە.» گوتیشی: «منداڵی ئۆتیزم وەك جۆرەکانی تری کەمئەندامی نییە، ئەرکی زۆر قورس وسەختترە، چونکە ئەو جۆرە منداڵانە لە ڕووی ئاخاوتن و ڕەفتار و پێوەندیی کۆمەڵایەتی و خۆبەڕێوەبردنەوە کێشەیان هەیەو بۆ هەمیشە پێویستیان بە چاودێریکردن و بەخێوکەری هەیە. هەروەها منداڵانی ئۆتیزم زۆر بەدەگمەن ئەزموون وەردەگرن و شت فێر دەبن، بۆیە دەبێ هەمیشە ڕاهێنانی تایبەتی پێبکرێت تا فێر بکرێت. وەك پسپۆڕان باسی دەکەن، هەفتانە لانیکەم ٣٥ تا ٤٥ سەعات پێویستیان بە ڕاهێنانە بەبێ دابڕان. ئێمە پێمانوایە بەداخەوە وەك هاووڵاتیی پلەدوو سەیری توێژی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەتەکان کراوە و لەم هەرێمەدا تەنانەت مافە سەرەتاییەکانی ژیان و مرۆییشیان بۆ دەستەبەر نەکراوە. بۆیە ئێمە ئەمساڵ بڕیارمان داوە کە لە ٢-٤دا بایکۆتی ڕۆژی جیهانی ئۆتیزم بکەین و بەو بۆنەیەوە بەشداری هیچ جۆرە مەراسیمێك ناکەین. ئێمە وەك ڕێکخراوی هوما بۆ داکۆکیکردن لە منداڵانی ئۆتیزم و خیزانەکانیان تا ئێستا ٨ خولی ڕاهێنانمان لە سلێمانی و هەولێر بۆ خانەوادە و مامۆستایانی ئۆتیزم کردۆتەوە، لەگەڵ چاپکردنی ٧ کتێبی جۆراوجۆری تایبەت بە ئۆتیزم کە بەدیاری بەسەر خانەوادەکان لەتەواوی کوردستان دابەشمان کردووە، لەگەڵ بەرهەمهێنانی فیلمێکی دیکیۆمێنتاری .

لەتیف حوسێن توێژەری کۆمەڵایەتییە و سەبارەت بە کێشەی تووشبووان بەو نەخۆشییە و گرفتی خۆیان و خێزانەکەیان دەڵێت: «ئەگەر خۆت خاوەنی منداڵی ئۆتیزم نەبێت، لە ڕاستیدا قورسە باس لەکێشەو موعاناتەکانی بەباشی بگەیت، چونکە موعانات و کێشەو دەردەسەرییەکانی ئەو خێزانانانەی کە نەخۆشیی ئۆتیزمی تێدایە، پڕن لە ڕووداوو کارەسات و ناخۆشی، ئەمەش لەبەر ئەو حاڵەتەیە کە بەسەر ئەو منداڵەدا دێت بەهۆی بوونی نەخۆشی ئۆتیزمەوە کە نەخۆشییەکی ئاڵۆزی مێشکەو بەتەواوی تووشی گرفتی جەستەیی و دەماریی دێت، هەر لەبەر ئەمەشە پێویستی بە مامەڵەو حەوسەڵەیەکی لە ڕادەبەدەر هەیە، تابتوانیت هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەیت.

ئەمانە وادەکات تێبگەین کە کێشەو ناخۆشییەکانی ئەو خێزانانەی منداڵی ئۆتیزمیان هەیە لە باردۆخێکدان کە بە جددی پێویستیان بە هاوکاری مادی و مەعنەوی هەیە، تا بتوانن لە ڕێگەیەوە دەستیان بەو چارەسەرییانە بگات کە دۆخەکەیان بۆ هێور بکاتەوە، ئەمە ئەگەرچی تائێستا بەداخەوە ئەم هاوکارییانە وەك پێویست نین و ئاوڕ لە ژیان و گوزەرانیان نادرێتەوەو تەنیا لە ڕۆژی جیهانیی نەخۆشییەکەدا باس لە ئۆتیزم دەکرێت.»

ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «خێزانێك ئەگەر منداڵی ئۆتیزمی هەبێت لە ڕووی دارایی و کۆمەڵایەتییەوە گرفتی بۆ دروست دەبێت، کە پێویستە هەمووان لەبەرچاوی بگرن و موعاناتەکانیان لەبەرچاو بێت، دابڕانی کۆمەڵایەتی و نەبوونی ئارامیی دەروونی دایك و باوك و قورسی و گرانیی باری سەرشانی ئەم خێزانانە هەموومان ناچار بەوە دەکات، کە بەباشی هەست بە ئازارەکانیان بکەین .»

ڕەحمان عەلی قوتابی ماستەر لە کۆمەڵناسی و شارەزا لە ئۆتیزم و بەمجۆرە باسی ئەو نەخۆشییە و حاڵەتەکانی دەکات: «ئۆتیزم بارە، واتا حاڵەتێکە تووشی مێشکی ئەو منداڵە دەبێت و نەخۆشی نییە، بەڵام هەندێکجار پێشی دەوترێت نەخۆشیی ئۆتیزم. بە زۆری لەنێوان تەمەنی (٢-٣) ساڵیدا نیشانەکانی دەردەکەون و زیاتر گرفتەکان لەسێ بواردا ڕوودەدەن:

یەکەم: گرفتی ئاخاوتن (گفتوگۆ ).

دووەم: گرفتی پەیوەندی کۆمەڵایەتی.

سێیەم: گرفتەکانی هەڵسوکەوت (ڕەفتار ).

١.تێکەڵنەبوونی کۆمەڵایەتی (نەبوونی پێوەندی کۆمەڵایەتی ).

٢. نەبوونی پێوەندی زارەکی نازارەکی.


٣.دووبارەکردنەوەی هەندێ ڕەفتار (وەك خووگرتن بە یارییەکەوە، یان جووڵەی بەشێکی جەستە بەشێوەیەکی بەردەوام).

٤.سڵ نەکردنەوە لە مەترسییەکان.

٥.چونکە توانای دەربڕینی نییە بۆیە، پێدەکەنێت، یان دەگری، یان هەندێ ڕەفتاری تر دەنوێنێت وەك (قیژە —ڕاکردن و.. هتد).

٦.کێشەی هەستەکان وەك (بینین — بیستن — بۆنکردن - تامکردن - دەستلێدان).

٧. ڕێژەیەکی زۆریان هەتاهەتایە قسە ناکەن، ڕێژەیەکیان کە قسە دەکەن کێشەیان هەیە. هۆکارەکانی تووشبوون بە ئۆتیزمیش بریتیتن لە:



١.هۆکاری بۆماوەیی.
٢. هۆکاری پیسبوونی ژینگە.
٣. بەکارهێنانی هەندێك دەرمان لەلایەن دایکەوە لەکاتی دووگیانیدا.

ئەو پسپۆڕە لە کۆتایی قسەکانیدا گوتی: «بەداخەوە هیچ چارەسەرێك بۆ ئۆتیزم تا ئێستا لە جیهاندا نەدۆزراوەتەوە، هەر ئەمەش حاڵەتی ئۆتیزم لە نەخۆشیی دیکە جیادەکاتەوەو باشترین چارەسەریش دەستتێوەردانی پێشوەختو راهێنانی بەردەوامە لە سەنتەرێکی پسپۆڕ و رۆڵی باشی خێزانە. بەڵام لە لایەکی ترەوە پسپۆرانی ئۆتیزم باس لەوە دەکەن ئۆتیزم لەو نەخۆشییانە نییە کە تەنیا بەیەك رێگە چارەسەر بکرێت، بەڵکو لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی دیکە رێگەچارەکان جیاوازن و زۆرجار زیاتر لە رێگەچارەیەك پێویست دەبێت. وەك: گۆڕین، یان باشترکردنی رەفتار، رێگەی بنیادنانی فێرکاری، دەرمان ئەگەر پێویست بوو، لە ژێر رێنمایی پزیشك، چارەسەری ئاخاوتن و چارەسەری پیشەیی..»

رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٠٧دا ٢ی نیسانی بە رۆژی جیهانی وشیاری ئۆتیزم دەستنیشان کرد.

ئۆتیزم، یان شەبەنگی ئۆتیزم، شڵەژانی ئەقڵی و دەروونی، یان تێکچوونی کار و چالاکی مێشکەو کاردەکاتە سەر گوفتار و رەفتاری منداڵ و توانای خۆبەڕێوەبردنی نابێت، هەروەها ناتوانێ پێوەندی زارەکی و نازارەکی ببەستێت و کارلێکی کۆمەڵایەتی بکات. نیشانەکانی تووشبووانیش زیاتر لە تەمەنی ١٨ مانگی تا ٣٦ مانگی بەدیار دەکەوێت.

**داواکارم سەنتەرێکی پێشکەوتووی ئۆتیزم بکرێتەوە، بۆ ئەوەی راهێنانیان پێ بکەن، لانیکەم فێریان بکەن خۆیان خاوێن بکەنەوە و بتوانن خزمەتی خۆیان بکەن**





# قوربانییەکی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نهێنییەکانی ژیانی دەدرکێنێت

لەکۆمەڵگەی کراوەدا، خێزان و حکومەت گرنگییەکی تەواو بە پەروەردەی تاک دەدەن، بۆ ئەوەی نەوەیەکی پێگەیشتووی وەبەرهێن بەرهەم بهێنن، بۆیە پلانیان بۆ ئەوە هەیە سیستمی پەروەردەو راهێنان بایەخێکی زۆر بە چۆنیەتی بەکارهێنانی تەکنەلۆژی و مامەڵەکردن لەگەڵ رەگەزی بەرامبەر بدات، بەڵام لە زۆربەی وڵاتانی داخراوی نەریتیدا، خێزان و حکومەتیش پلانێکی توکمەیان نییە بۆ ئەوەی بەها ئەخلاقییەکان پارێزراو بن و تاک لە تەمەنی نەجەوانی تووشی لادان نەبێت. ئەگەر سەیری ئاماری دەستدرێژییە سێکسییەکان بکەین، دەبینین وڵاتانی وەک ئەفغانستان و پاکستان و سعودیە و ئێران لە پێشەنگی ریزبەندییەکاندان و زۆرترین بینەران و خوازیارانی ماڵپەڕە سێکسییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدان. قوربانییەکی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش بەمجۆرە نهێنییەکانی ژیانی بۆ گوڤاری گوڵان دەخاتەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

حەسەن دووکانێکی گچکەی مارکێت ــی هەیە و ڕۆژانە سەری بە کەسابەتی خۆیەوە قاڵە. ڕوخساری زۆر پیرتر لە تەمەنی دەنوێنێ، وەك خۆی باسیکرد تەمەنی ٤١ ساڵە و ماوەی ٧ ساڵیش لە نامۆیی و دوورەوڵاتی بەسەری بردووە. گەرچی کەسێکی کەم قسە و گۆشەگیرە، بەڵام بۆ ئەوەی گەنجان پەند لە چارەنووسی وەربگرن، ئامادە بوو بە ڕاشکاوی باسی ڕابردووی خۆی بکات.

حەسەن بەردەوام ئەو چەند وشەیە لە نێوان قسەکانیدا دووبارە دەکاتەوە و دەڵێت: «پەشیمانی دادی کەس نادات!« دیارە لە ڕابردووی زۆر پەشیمانە و لە ئێستاشدا تەنیا دڵی بە منداڵەکەی خۆشە کە خۆی گوتەنی بە نیازە هەموو هەوڵێك بدات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی تەندروست پەروەردەی بکات. لە زاری خۆیەوە ژیانی ڕابردووی و خەونەکانی داهاتووی دەخەینەڕوو.

« تەمەنم ٢١ ساڵ بوو، باوکم لە بەر ئەوەی نەچمە هەندەران، ژنی بۆ هێنام، بەڵام بەردەوام من و هاوسەرەکەم شەڕمان بوو. نایشارمەوە ئەو لەسەر حەق بوو. من نەمدەهێشت منداڵمان هەبێت، چونکە بەنیاز بووم بە هەر جۆرێك بووە، خۆم دەربازی دەرەوەی وڵات بکەم. هیچ گرنگیم پێنەدەدا، ئالوودەی سەیرکردنی فیلمی نەشیاو بووم، هاوسەرەکەشم بێزار دەبوو. زۆری تەحەمول کرد، بەڵام دوای ئەوەش کە بووین بە خاوەن کوڕێکی جوان، من هەر نەگۆڕام و خراپتر بووم. کاری تەکسیم دەکرد و باوکم خانووی جیای بۆ کردبووین. کاری قیزەوەن و خیانەتەکانی من وایکرد، هاوسەرەکەم بۆ هەمیشە بچێتەوە ماڵی باوکی و کوڕەکەشم کە هێشتا تەمەنی دوو ساڵان بوو، لە ماڵی باوکم گەورە بێت. هەر ئەو کات تەکسییەکەم فرۆشت و چوومە هەندەران، خانووەکەم بە ناوی باوکم بوو، دەنا ئەویشم دەفرۆشت. ماوەی حەوت ساڵان لە سوید مامەوە، لەگەڵ زۆر کچ بوومە هاوڕێ، هەموو جارێکیش لە سەر سەیرکردنی فیلمە نەشیاوەکان نێوانمان تێکدەچوو. وامدەزانی ئەو شتانە لە دەرەوەی وڵات ئاساییە، بەڵام کچانی بیانیش وەك کچی خۆمان وان و خیانەت قبووڵ ناکەن، گەر بزانن سەیری فیلمی نەشیاو دەکەی، بە چاوی سووك سەیرت دەکەن و لێت جیادەبنەوە.

بە تەواوی لە دوورەوڵاتی بێزار ببووم، بەڵام پەشیمانی دادی کەس نادات. کوڕەکەم چووە قوتابخانە و من هیچ باوکایەتیم بۆ نەکردبوو. دایکیشی زۆر گەنج بوو، بۆیە دوای ئەوەی لە هاتنەوەی من نائومێد ببوو، مێردی کردەوە و بە ژیانی خۆی سەرقاڵ بوو. ماڵی باوکیشم نەیاندەهێشت چاوی بە کوڕەکەی بکەوێت. هەستم دەکرد غەدرێکی زۆرم لە خۆم و خێزانەکەم کردووە، گەرچی پەشیمانی دادی کەس نادات، بەڵام ئێستا دەزانم کە لە بەر ئەوەی مودمین بووم بە ماڵپەڕە نەشیاوەکان لە کوردستان و لە هەندەرانیش شیرازەی خێزانیم تێك درا. کاتێك گەڕامەوە بۆ کوردستان، بڕیارم دا بە تەواوی واز لەو نەخۆشییە بێنم. لە سویدیش پێش گەڕانەوەم چەند پزیشکی دەروونناسم بینی و ڕێنمایی زۆر باشم وەرگرت.

ئێستا بە یەکجاری وازم لەو خووە پیسە هێناوە و جگە لە کەسابەت زۆربەی کاتەکانم بۆ خوێندنەوە و خزمەتکردنی کوڕەکەم تەرخان دەکەم. چەندین جار دایك و باوکم پێشنیاریان کردووە، خێزان درووست بکەمەوە، بەڵام تا ئێستا قبووڵم نەکردووە. لە بەر ئەوەی خۆم تاقیکردەوە و نەمویست جارێکی دیکە چارەنووسی کچی خەڵکی و خۆم ڕەش بکەم.

گەرچی پەشیمانی دادی کەس نادات، بەڵام زۆر پەشیمانم لەو غەدرەی لە کوڕەکەم و دایکی کوڕەکەمم کردووە. ئەوەتا ئێستا تەمەنم ٤١ ساڵە لە ماڵی باوکم دەژیم. زۆر گۆشەگیر بوومە و هاوڕێیەتی کەسیش ناکەم. لەگەڵ کوڕەکەم دەچم بۆ وەرزشکردن، نێوانمان زۆر خۆشە و زۆریش بە گەڕانەوەم دڵخۆشە، لە خوێندن زۆر زیرەکە و ئەوەش منی بە تەواوی دڵخۆش کردووە. لە کۆتاییدا دەڵێم: ڕۆشنبیری سێکسی ئەرکی پەروەردەیە و پەنابردن بۆ ماڵپەڕە نەشیاوەکان تەنیا لادانی ئەخلاقی لێدەکەوێتەوە، داوا لە هەموو پیاوێکیش دەکەم، خۆیان لە خووگرتن بە شتی لاوەکی و قیزەون دووربخەنەوە. پێویستە بزانن زەردەخەنەی منداڵێك لە هەموو لەزەتەکانی دنیا خۆشترە و گرنگ ئەوەیە باوکان بۆ پەروەردەی درووستی منداڵی خۆیان هەموو هەوڵێك بدەن، نەك قومار بە چارەنووسیان بکەن.

**زەردەخەنەی منداڵێک لە هەموو لەزەتەکانی دونیا خۆشترە و گرنگ ئەوەیە باوکان بۆ پەروەردەی درووستی منداڵی خۆیان هەموو هەوڵێک بدەن، نەک قومار بە چارەنووسیان بکەن**

**بە یەکجاری وازم لەو خووە پیسە هێناوە و جگە لە کەسابەت زۆربەی کاتەکانم بۆ خوێندنەوە و خزمەتکردنی کوڕەکەم تەرخان دەکەم**

**کچانی بیانیش وەک کچی خۆمان وان و خیانەت قبووڵ ناکەن، گەر بزانن بە چاوی سووک سەیرت دەکەن و لێت جیادەبنەوە**

